# له پێناو کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ خوێندنگاکانی عێراق

## سەدام حسێن... بۆ فرۆشتن




**و : کەژاڵ ئیسماعیل**

**پاش ئەوەی کەسەدام حسێن لە یەکێک لەکۆشکەکانیدا لە تەک یەکێک لەعەشیقەکانیدا چەند کاژێرێکی بەسەربردو پاش هاتنە دەرەوەی بەرەوڕوی ئوتومبیلە مارسیدسەکەی ڕۆیشت کە وەهبی شۆفێرەکەی بوو،سەرەڕای ئەوەش سەرۆکی هەموو پرۆتۆکۆلاتەکانی سەدام بوو،(وەهبی)یش ڕوەو کۆشک ملی نا تا وەکو دڵنیا بیت ئایا سەدام هیچ شتێکی لەبیرو یاد نەکردوە لەکۆشک. ئەو ڕۆژەش،رۆژێک بوو لەڕۆژە سودبەخشەکانی کاسپی کردنی هیثم وهبی.**

**وەهبی دیتە گۆو دەڵێت.. توشی شۆک هاتم و زۆر سەرسام بووم ئەو کاتەی کاژێرە دەستیە رۆلۆکسە زیڕینەکەییم لەسەر میزەکە چاو کرد کەبەهاکەی بە 100.000 هەزار جونەیهی ئستەرلینی دەخەملاو مەزەندە دەکرا،هەر هێندەم پێکرا پێش ئەوەی سواری ئوتومبێلەکە بێت وەدوی سەدام کەوتم و بەخاوەن شکۆ خاوەن شکۆ ڕامگرت و پێم گووت: گەورەم کاتژمێرە رۆلۆکسە زێڕینەکەت بیر چووبوو..! لەو ساتەدا کەئاوڕی بۆ دامەوە هەستم کرد سیماو ڕوخساری هێمای ڕووخۆشی و ڕووگەشی و پێخۆشبوونێکی پێوە دیارە کە لەوەو پێشتر هەرگیز تیاما بەدی نەکردبوو،وادیار بوو ئەو چەند کاژێرەی کە بردبویە سەر تاموچێژێکی ئێجگاری لا بەجێ هێشتبوو،پاشان زەردەو بزەیەکی هاتێ و ووتی هەڵی گرە بۆ خۆت..!**

**هەنوکەش ئەو کەسە(هیثم) ماڵپەڕێکی لەسەر تۆڕی ئێنتەرنێت ساز کردوەو گەرەکێتی ئەو دیاریانەی کە سەدام پێی بەخشیوە لەو ڕێگەیەوە بەشێوەی زیادو زیاد کاری(مزایدە) هەر لەکاتژمێری دەستی و،خشڵ و گەوهەرو،پاندان و،پۆشاکە بەبەهاکانی سەدامەوە بیانفرۆشێت،چونکە ئەم (هیثم)ە بۆ نزیکەی 20 ساڵ ئەچوو لەخزمەتی سەدام دا بووەو،وە ئەو کاتژمێرە رۆلۆکسە زێڕینەش کە ڕووکەش و قایشەکەی بە ئەڵماس نەخشێندراوەو ڕازاوەتەوە بریتیە لەهەرە بەبەهاترین کەرەسەو پارچە لەلای وهبی.**

**بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەش ڕۆژنامەی(الدیلی میل) ئەوەی دوپات کردەوە کە ئەم کاتژمێرە دەستیە کاتژمێرێکی ڕاستیەو ئەو بەهایەش کە وهبی بە100.000 هەزار جونەیهی ئستەرلینی خەملاَنویەتی خەملاَندنێکی راست و دروستە،لێ لەتەک ئەوەشدا کە هیچ بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراومان لانیە کە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەم کاتژمێرە کەرەسەیەک بێت لەو کەرەسانەی کە هی سەدام بوبێت،ئەمەش وهبی**

**گەیاندە ئەوەی کە ببێتە خاوەن دەنگۆیەکی جیهانی لە وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمەریکاو،ئەمەریکای خواروو،یابان و ئوستورالیا کە گوایە وهبی کەسێکە لەنزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوت و کارەکانی سەدام بووە،وەهەروەها خۆیشی بەوە مەزەندە دەکات کە کەسێکە بەخت یاوەرێتی لەبەر ئەوەی تا هەنوکە زیندووەو ئەتوانێت ئەم کارە بکات.**

**هیثم کەسێکی لێپرسراو بوو سەبارەت بەکۆکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی کە سەرۆکی پێشوو لەکۆشکە فراوانەکانیدا جێی دەهێشێت بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە لەگەڵ عەشیقەکەیدا بەیەک دەگەیشتن و کات و ساتی مەخمەلی بەسەر دەبردو ڕایدەبوارد لەبەر هێندێ هیچ ئان و ساتێک بە خەیاڵیدا نەهاتوە کەڕۆژێک لەڕۆژان بەگووتەی ڕۆژنامەی(الدیلی میل)ی بەریتانی کەڕۆژی یەک شەممە بڵاوکراوەتەوە نمایش بکرێن بۆ فرۆشتن.**

**ئێستاش هیثم کەنزیکەی 20 ساڵی ڕەبەق خزمەتکاری سەدام بووە بەنیازە لەڕێگەی ئەو ماڵپەڕەوە کەسازی کردوە کەلوپەل و دیارێکانی سەرۆکی پێشوو کەبریتین لەپاندان و موستیلەو خشڵوزێڕو پۆشاکەکانی بفرۆشێت بەو مەبەستەی 350 هەزار جونەیهی ئستەرلینی کە بەرابەری 700 هەزار دۆلارە کۆ بکاتەوەو کۆمەکی خوێندنگاکانی عێراقی پێ بکات .**

هیثم پێش ئەوەی داوای پەناهەندەیی بکات لە 1994 دا لەبەریتانیا،لەحوکڕانی سەدامدا دووچاری زیندانی هاتووە،وە بەگوزارشتی خۆی گەر هەڵنەهاتایە ئیرەیی لەناوی دەبردو سەری دەخوارد چونکە ئەو کاتەی سەدام کاتژمێرە رۆلیکسە دەسێکەی پێ بەخشیم پاسەوانە تایبەتێکانی زۆر ئیرەییان پێ بردم و دداتیان لێ ئەکرۆشتم چونکە ئەو کاتە ئەیانزانی کاتژمێرێکی گەلێک بەبەهایە،وە هەرگیز نەمدەوێراو جورئەتی ئەوەم نەدەکرد کە لە عێراق لەدەستی بکەم دەنا پاسەوانەکانی سەدام مەچەکیان دەبڕیم و لێیان دەستانم و دەیانبرد.



هیثم درێژەی پێ ئەدات و ئەڵێت:سەدام هەمیشە حەزو ئارەزووی لە عەینەکی(چاویلکە) کریستیان دیور بوو،وە هەروەها پاندانی کارتیری بەکار دەهێنا،وە ڕۆژێکیان عەینەکێکی هەتاوی دیوری پێ بەخشیم ئەو رۆژەش یەکێک بوو لەو ڕۆژانەی کە هەر خوا خۆی دەزانیت چۆن ڕزگارمان بوو چونکە شەڕی عێراق ق ئێران بوو لەتەک سەرکردەی سوپاکەدا لەپێشی پێشەوەی جەبهەدا بوین ئێمە هەر ڕامان دەکردو ئەوانیش هەر بەدوامانەوە بون و ڕاویان ئەناین،لەپڕ سەدام ئێستێکی کردو عەینەکە هەتاوێکەی لەجاوان داگرت تاوەکو سەیری چاوەکانی بکەین و پێی گووتین گەر هاتوو ئێرانێکان زۆر لێمان نزیک بوونەوە یەکو دووی لێ مەکەن و دەمو دەست بمکوژن،ئیدی بەخت یاوەرمان بوو ئێرانێکان پاشەکشەیان کردو ڕزگارمان بوو،لەبەر هێندێ داوای عەینەکەکەم لێ کرد تاوەکو وەک یادگاریەکی ئەم ساتە ناهەموارە لام بمێنێتەوەو ئەوێش ڕەزامەند بوو.

هەنوکەش ئەو عەینەکە بەنرخی 6000 جونەیهی ئستەرلینی بۆ فرۆشتن نمایش کراوە،وە لەتەک ئەوەشدا هیثم پاندانێکی مەرەکەبی جۆری "کارتییە" بەبەهای 2،500 جونەیهی ئوستەرلینی نمایش کردوە،ئەو پاندانەش تەنها سەدام بۆ ئیمزا کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدان بەکاری ئەهێنا..زۆر زۆریش شاگەشکە دەبوو بەئیمزاکردنی حوکمی لەسێدارەدان چونکە هەمیشە ئان و ساتی بۆ نەبوو ،وە هەر ڕۆژەو لە 25 دوسێ کەمتری لەلا نەبوە.زوربەی زۆری ئەو حوکمی لەسێدارانەش هی کەسانێک بوون هەرگیز ناوی نەبیستوون،لێ زۆر گرنگی بە لەسێدارەدانی نەیارە سیاسیەکانی خۆی ئەداو لەتەنیشت ئیمزا کردنەکەش بەعەرەبی دەینوسی خودا لێی خۆش بێت.

وەهەروەها لەسەردەمی حوکمڕانی سەرۆکی زامبیا"کینیث کاوندا" سەدام زۆر ئالودەو ئارەزوی سیحری هەبوو وەزۆر بڕوای پێ هەبوو لەبەر هێندێ ئونگوستیلەی زیوی لەقامک دەکرد بەو مەبەستەی کەگوایە لەمەترسی دەیپارێزیت،وە یەکێک لەو ئونگوستیلانە بەعەرەبی لەسەری نوسرابوو(ففتحنا لكم ابواب جنات عدن) وە ئەم ئونگوستیلەیەش لەلای هیثم نمایش کراوە بۆ فرۆشتن و بەهاکەشی بە 1.500 جونەیهی ئوستەرلینی خەملاوە.



هیثم ئەوەشی درکاند کە سەرۆک "کینیث کاونداو سەرۆک سەدام" هەمیشە پێکەوە حەزو خولیای کاروباری بازرگانی پیشەیان بوەو خۆشی و ئاسودەیی پێ بەخشیون،تەنانەت جارێکیان سەدام فڕۆکەیەکی لەجۆری بیونج 747 پڕ پڕ لەدیاری و قاڵی و فەرش و خشڵ و ملوانکەو کەرەسەی تەلەفیزۆنی بۆ نارده ئەفەریقاو سەدامیش لەهزری خۆیدا وای مەزەندە دەکرد کە "کاوندا" لەبەرامبەردا هەمان هەڵوێستی هەبێت لێ بەپێچەوانەوە "کاوندا" جادوگەرە(ساحر) تایبەتێکەی خۆی بۆ ناردو جادوگەریش بەسەدامی ووت کە هەندیک کەس لە نەخشەی پیلانگێڕاندان دژت وەسەدامیش زۆر بەوردی گوێی بۆ ڕادەدێراو لەسەرساميدا سەدام پۆشاکی جادوگەری دەپۆشی ئەو دەمەی جادوگەرەکە جادوی بۆ دەگرتەوە.

هیثم لەسەری دەڕوات و ئەڵێت:سەدام بەهۆی "کینیث کاوندا"وە زۆر تامەزرۆو خولیای سیحری هەبوە بەتایبەتی لەو دەمانەدا کەسەدام گومانی لەدەورو پشتەکەی هەبوایە ئونگوستیلەیەکی زیوینی لەقامک دەکرد کە ئایەتێکی لەسەر نوسراوە بەو مەبەستەی لەکارەسات و مەترسیدا بپارێزرێت،هەنوکەش هەروەها ئەو ئونگوستیلەیە بەبەهای 1.500 جنیە خەمڵێندراوە.

پاساوی هیثم بۆ فرۆشتنی ئەم کەلوپەلو کەرەسانەی کەلەلایەتی تەنها لەپێناو مرۆڤایەتیدایە،چونکە هەندێک کەس دەڵێن ئەم شتانە فڕی نیە بەسەر کەلوپەلی سەدامەوەو گوایە هیچ بەڵگەیەکیشم لەبن دەستا نیە بیسەلمێنم،لێ ئەوانە هەڵەن،لەلایەکی تریشەوە کەسێکی پرۆفیشناڵ و شارەزا لە بواری پاندانی کارتیردا ووتی: بەڵێ ئەم پاندانە لەبەرهەمی لویس کارتیرە لێ هەنوکە لەو جۆرە پاندانانە بەرهەم ناهێنێت.

سەرچاوە ماڵپەڕی ئیلاف/ژمارە 2323– 1 ی  ئکتۆبەر 2007